cyan magenta yellow black File: P.11 fl ˙ Æ˝ ” 1



خەبات XEBAT
www.xebat.net
یەک شەممە 2015/5/31 ژمارە (4812)

## کوردانی هۆڵەندا 39ەمینساڵیادی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخوازیان بەرز و پیرۆز راگرت

# شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز بۆ جیهانی سەلماند کە نەتەوەی کورد بەپیلانی نێودەوڵەتی لەناوناچێت



**ساسان دەروێش/ هۆڵەندا**

بۆ بەرز و پیرۆز ڕاگرتنی ناوی پێشمەرگە و ڕێزلێنان لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان و بیرەوەری 39هەمین ساڵیادی بەرپابوونی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز، لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان بەهاوکاری ڕێکخراوی دەنهاخی تێکۆشەری پارتیمان، ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی 24ی گوڵان 2015لە شاری لاهای بە ئامادەبوونی بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی پارتیمان لە هۆڵەندا و پێشمەرگە دێرینەکانی شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان ئەو یادەیان پێکەوە بەرز وپیرۆز ڕاگرت کە لە 26ی گوڵانی ساڵی 1976بڵێسەی شۆڕشی گوڵانی پێشکەوتنخواز گوند و شارۆچکەکانی گرتەوەو کۆتایی بەپیلانی دوژمنانی ناحەز و داگیرکاری هێنا بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد.



بەڵێ شۆڕشی گوڵان بەخوێنی ئاڵی یەکەم شەهیدی شۆڕش "سەید عەبدوڵڵا نەبی" یەکەم هەنگاوی نا بەرەو کاروانی خەبات و تێکۆشان و پەیامی گەلێکی چەوساوەو داگیرکراویان بەگوێی دنیادا بە تۆمارکردنی داستان و نەبەردییەکانی قارەمانێتی دەست و تفەنگی پێشمەرگەکانی پارتیمان و بەورەی ڕێبازی پیرۆزیی بارزانیی نەمر ئومێدو هیوایان بەخشیەوە بەخەڵکی کوردستان و لەسەر لوتکەی چیا سەرکەشەکانیشەوە بە دروشمی "یان کوردستان یان نەمان" بەسەرکردایەتی پێشمەرگەو سەرکردەی لێهاتووی نێو پێشمەرگەکان سەرۆک بارزانی قۆناغێکی نوێمان بڕی و گەیشتینە ئەم ئەزموونەی ئێستامان، کە هەنگاونانە بۆ دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان و سەربەخۆیی.

### زیاتر خزمەتکردنی پێشمەرگەو باشترکردنی ژیانیان ئەرکێکی نیشتمانییە

سەرەتای مەراسیمەکەش لەلایەن بەڕێز عەلی هروری بەخێرهێنانی ئامادەبووان کراو دواتر بەساتێک ڕاوەستان و ڕێزگرتن بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردو کوردستان سەرووەریان بارزانیی نەمر و گوتنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب دەستپێکرد. پاشان وتەی ئامادەکاری یادەوەرییەکە لەلایەن هەڤاڵ کۆچەر بەرپرسی ڕێکخراوی شاری دەنهاخ خوێندرایەوە کە تیایدا سوپاس وپێزانینی خۆیان و ئەندامانی سنووری ڕێکخراوەکەیانی پێشکەشی ئامادەبووان کردو باسیشی لە پیرۆزی ئامانجەکانی ئەم شۆڕشە کرد، بۆیە بەئەرکی سەرشانی خۆیانی زانیوە کە ئەو شەرەفە بەر ڕێکخراوەکەیان بکەوێت بە سازکردنی ئەم یادەوەرییە و بەپێویستیشی زانی ئەم یادکردنەوەیە ببێتە هۆکاری زیاتر خزمەتکردنی پێشمەرگەو باشترکردنی ژیانیان و لە بەرچاوگرتنی خوێنی شەهیدان و لاکردنەوەی خانەوادەکانیان.

### پشکۆی نەکوژاوەی شۆڕشی ئەیلوولیان داگیرساندەوە

پاشان وتاری لیژنەی ناوچەی هۆڵەندای پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن بەڕێز پێشڕەو حەسەن خوێندرایەوە و تیایدا بەناوی کارگێڕان و ئەندامانی سنووری چالاکی ڕێکخستنەکانیانەوە لە هۆڵەندا بە بۆنەی ساڵوەگەڕی شۆڕشی 26ی گوڵان پیرۆزبایی لە گەلی کوردستان و گشت پێشمەرگە قارەمانەکان و کەسوکارو بنەماڵەی شەهیدانی سەربەرزی ڕزگاری خوازی کوردستان کرد و ئاماژەی بە ئازادی وپێشکەوتنەکانی ئەمڕۆی کوردستانیش کرد کە بەخوێنی شەهیدان و خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەو خەڵکی کوردستان هاتۆتە بەرهەم. لە درێژەی وتەکانیشیدا ڕایگەیاند کە لە بەرنامەی ئەمڕۆ و ئایندەی پارتیمان هەوڵی زۆردراوە و کاریشی لەسەر کراوە کە ژیانی خێزانی شەهیدان و ئەنفال و کیمیاباران و تەواوی شەهیدان لەبەرچاو بگیرێت و خزمەتی زیاتر پێشکەشی بە بنەماڵەکانیان بکرێت... بۆ گەیاندنی پەیامی شۆڕشی 26ی گوڵان بەگەلانی ڕزگاریخواز و مرۆڤ دۆست کە شۆڕشی کورد کۆتایی نەهاتووە و بەپیلانی ناحەزان کورد نائومید ناکرێ و پێشمەرگەکانی بارزانی بەڕێنمایی ڕاستەوخۆی بارزانیی نەمر پشکۆی نەکوژاوەی ئەیلوولیان داگیرسانەوەو لەو نێوەندەشدا کۆمەڵێک لەگەنجان و لاوانی کوردیان ڕەوانەی وڵاتانی جیاوازکرد بۆ ئەو ئەرکەی شۆڕش و هەریەکەش لەوانە بوونە باڵوێزێک بۆ کوردو کوردستان و گەیاندنی پەیام و چالاکیەکانی شۆڕشی گوڵان.

### ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگە

ئینجا لەلایەن خاتوو گوڵستان بامەڕنی شاعیرەوە چەپکێک لە هۆنراوە نوێکانی خۆی کردە دیاری بۆ ئەم بیروەرییە پیرۆزەو لە شیعرەکانیشیدا ستایشی ڕۆڵی پێشمەرگەو گرنگی بۆ کوردستان و دابین کردنی ئارامی و ئاسایش لە دەست و تفەنگی پێشمەرگەدا بە بەرزی دەنرخاندو ڕەنگدانەی وشەی هۆنراوەکانی دەیگەڕاندینەوە بۆ شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کە لەئاکامی خەباتە پیرۆزەکانی ئەوان گەیشتینە ئەم قۆناغەی ئەمڕۆمان.

### قۆناغی سەربەخۆبوون

هەروەها ووتەی ڕاگەیاندنی لیژنەی ناوچەی پارتیشمان لەلایەن بەڕێز دیندار کۆچەر خوێندرایەوە کە بە پشتبەستن بەمێژووی پرشنگداری پارتیمان و ئەزموونی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان تیشکی خستەسەر چۆنیەتی هەڵگیرسانی شۆڕشەکان و ڕۆڵی ڕاگەیاندنیش بۆ گەیاندنی پەیام و چالاکیەکانی شۆڕش بەتایبەتیش بەرپابوونی شۆڕشی 26ی گوڵانی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز کە لەکاتێکدابوو دوژمن زۆر توندوتۆڵترخۆی سازدابوو بۆ بەرەنگاربوونەی هەڵگیرسانی شۆڕش و پێیان وابوو چیتر پێشمەرگە نابینینەوە... لەکۆتایشدا بۆ وەڵامدانەوەی دوژمنان لە دوای کۆنگرەی نۆی پارتیمان و هەڵبژاردنی سەرۆک مەسعود بارزانی بە سەرۆکی پارتی هەنگاوی گەورەی نا و پێ بەپێی پێشمەرگەکان لەنێو چیاو دۆڵەکانی کوردستان و تۆمارکردنی داستانەکانی قارەمانیەتی پێشمەرگە تا لە ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991ئامانجە پیرۆزەکانمان هاتەدی. لەم هەلومەرجەی ئەمڕۆی ناوچەکەشدا سەرۆک بارزانی بە هەڵوێستە جوان و نەتەوەییەکانی کوردی بەرەو قۆناغی سەربەخۆبوون بردو دنیاش ڕێز لە خەبات و قوربانیدانی دەگرن و لە وڵاتانیش بەڕێزەوە پێشوازی لێ دەکرێ وەک سەرۆکی کوردستان. هەروەها لەلایەن شاعیری گەنج سەردار گولی کە خاوەن ئەزموونێکی نوێیە لە هۆنینەوەی شیعرەکانی بۆ پێشمەرگەو شەهیدو کوردستان و تابلۆیەکی جوانی لەیەکێک لە بەرهەمە نوێکانی خوێندەوە بۆ یادەوەری 26ی گوڵان. پاشان لەلایەن مامۆستای بیری نەتەوەیی سالار قەرەداغییەوە باسێکی چڕوپڕی مێژووی سەرهەڵدانی ڕێکخستنە نهێنیەکانی نێو شارەکانی کوردستانی لەدوای نسکۆ بەتایبەتیش لە دەوروبەری شاری سلێمانی پێشکەشکرا و لە باسەکەیدا کاک سالار ڕووناکی خستە سەر ئەو کارو چالاکیانەی لە دوای یەکەم بەیاننامەی پەیامی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان بەڕێنمایی سەرۆک مستەفا بارزانیی نەمر دەستپێکردەوە بەگوێی دنیاو ناحەزانی گەلی کوردا درا کە کورد نامرێ و شۆڕش بەردەوامە بەهێز و بازوی پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان... دواتر هەڤاڵی شاعیر ئیسماعیل حەسەن ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتیمان لە هۆڵەندا لە ڕێکخراوی ڕۆتردام کە بەهۆی ئەنجامدانی نەشتەرگەرییەوە نەیتوانی خۆی بەشداربێت، بەڵام دیارییەکی لەبەرهەمەکانی خۆی بۆ یادی 26ی گوڵان و پیرۆزی پێشمەرگەو شەهید هۆنیبۆوەو ناردبوویە هۆڵەکە، کە جێگای سوپاس بوو...

### ڕێزلێنان لە خانەوادەی شەهید یوسف کۆچەر

لە دوا بڕگەشدا لەلایەن هەردوو کوڕی شەهیدی سەرکردە "یوسف کۆچەر" پەردە لە ڕووی تابلۆی کوردستان لابرا کە لەلایەن هونەرمەند عەلی محەمەد ناسراو بە کەمال عەلی نەخشێنرابوو، کە دواتر کردیە دیاری و پێشکەشی خانەوادەی شەهید یوسفی کرد، کە پێشتر شەهید پێشمەرگەی دێرین و شۆڕشی گوڵان بوو، لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک لەهۆڵەندا نیشتەجێبوو چەند ساڵێک ئەندامی لیژنەی ناوچەی هۆڵەندا بوو تا لەڕۆژی 4ی نۆڤەمبەری 2014لەدەڤەری زومار لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش شەهید دەبێت و دڵە گەورەکەی لەلێدان دەکەوێت پلەی شەهادەتی بەخۆی بڕی و مەدالیای پیرۆزی بیروباوەڕی کوردایەتی و ڕێبازی پیرۆزی بارزانی لەیەخەی خۆی داو چووە ڕیزی کاروانی پڕ ڕێبواری شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کورد و کوردستان. هەر بۆ پێزانینی ئەم هونەرمەندەو دیارییە بەنرخەکەی هونەرمەند عەلی محەمەد لە ساڵی 1956لە سلێمانی لەدایک بووە لە ساڵی 1979 پەیمانگای مامۆستایانی هەولێری تەواوکردووە و چوار ساڵ مامۆستابووە لە گوندەکانی کوردستان و هەر لەتەمەنی شەش ساڵییەوە خولیای هونەری شێوەکاری بووە و دەستی کردووە بەکاری هونەری و لەتەمەنی 15ساڵیشدا یەکەمین پێشانگای خۆی لە شاری سلێمانی کردۆتەوە و لە تەمەنی 16ساڵیدا هەردوو هونەرمەندی گەورەی کورد سمکۆ تۆفیق و عەتا قەزاز وانەی شێوەکاریان پێ ووتۆتەوەو لە ساڵی 1992 بەدواوەش خۆی وخێزان و منداڵەکانی دێنە هۆڵەندا و بوونەتە نیشتەجێی ئەم وڵاتەو ئێستاش سەرقاڵی کاری هونەرییەو خاوەنی چەندین پێشانگایە... ئەمەو یادکردنەوەکە چەند کاتژمێرێکی خایاندو بە دابەشکردنی گوڵی ڕێزلێنان لەلایەن ئەندامانی لیژنەی ناوچەی پارتیمانەوە پێشکەشی پێشمەرگە ئامادەبووەکانی هەردوو شۆڕشی ئەیلوول و گوڵان کرا، پاشان هەموو پێکەوە لەم یادە پیرۆزەدا جەختیان لەیەکڕیزی نەتەوەیی و پاراستنی ئەزموونی ئێستای باشووری کوردستان کردەوە.



وێنە و کۆمێنت

## ئۆپۆزسیۆنی بەریتانیاش پشتگیریی لە راپرسییەکەی EU دەکات

رۆژنامەی سەندەی تایمزی بەریتانی لە هەواڵێکیدا رایگەیاند کە پارتی کرێکارانی بەریتانیای ئۆپۆزسیۆن،بە نیازە پاڵپشتی خۆی بۆ بڕیارەکەی دێڤید کامیرۆنی سەرۆک وەزیرانی ئێستا رابگەیەنێ سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی راپرسیەک دەربارەی مانەوەی بەریتانیا لەناو سنووری یەکێتی ئەوروپا. رۆژنامەی ناوبراو لەسەر زاری وتەبێژ بە ناوی پارتی کرێکاران دەڵێ: گەلی بەریتانیا دەخوازێ لەو بارەوە بۆچوونی خۆی دەربڕێ و پارتی کرێکارانیش پشتگیری لەو راپرسیە دەکات . شایەنی باسە بڕیارە ئەو راپرسیە بەر لە هاتنی ساڵی 2017ئەنجام بدرێ.

## لە میدیاکانەوە...

ئا: سابیر حوسێن



کەناڵی بی بی سی:

شەڕو کوشتاری سەخت لە نێوان حەشدی شەعبی و داعش لە رەمادی بەرپا بووە و باسیش لە سەدان کوژراو دەکرێ لە هەردوولادا.



سی ئێن ئێن:

لە یەمەن چەکدارەکانی دژ بە دەسەڵاتی حوسییەکان پەنایان بردۆتە بەر بۆسە دانانەوە و چەندین کەسیان کوشتووە.



ئەلعەرەبیە نت:

لە وڵاتی فلیپین بە هۆی هێرشی سەر مزگەوتێکەوە 15هاوڵاتی دەبنە قوربانی.



رۆژنامەی حەیات:

واشنتۆن بە توندی هۆشداری دەداتە چین بۆ ئەوەی دەستبەرداری دروستکردنی پردەکانی بێت لە دەریای چینی باشوور.



کەناڵی ئەلحەدەس:

لە وڵاتی میسر بەهۆی پێکدادانی چەند ئۆتۆمبیلێکەوە 17کەس گیان لە دەست دەدەن و 12کەسیان سەربازی میسری بوون.



کەناڵی ئەلحورە:

وڵاتانی جیهان پرۆتستۆی ئەو کردەوە خۆکوژیانە دەکەن کە ماوەی دوو هەفتەیە لە مزگەوتەکانی سعودیا ئەنجام دەدرێن.



روسیا ئەلیەوم:

دەسەڵاتدارانی تورکیا دەست بەسەر چەند بانکێکی نزیک لە گویلەن دەگرن و بلۆکی دەکەن.